شیعر

د. هیوا مستەفا عەبدوڵڵا

# پرۆژەی دەستوور

کوردستان بەقۆناغێکی گرنگ و وەرچەرخانی چارەنووسساز تێدەپەڕێ، داڕشتنی دەستوور هێمای هەرە زەق و بەرچاوی ئەو وەرچەرخانەیە.. هیچ کۆمەڵگەو وڵاتێکیش ناکرێ گۆڕانی بنەڕەتی و پێشکەوتن بەخۆوە ببینێ بەبێ هەبوونی یاسا، یاساکانیش گەرەکە پەل بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، پەروەردەیی، کارگێڕی، دادوەری بهاوێ، داڕشتنی ئەو یاسایانە، دیقەت و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی واقیعی کۆمەڵگای دەوێ دیارە کۆمەڵگەی کوردستانیی کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا ئەو هەلەی بۆ وەخساو ئێستا خەریکی نووسینەوەی دەستوورەو لەنێوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و راگەیاندنەکاندا گفتوگۆیەکی چاکی لەسەر دەکرێ، ئێمەش وەک گۆڤاری کاروان بەباشمان زانی کە لەو گفتوگۆیەدا بەشداری بکەین، بۆئەوەی هێزی زیاتر بەدەستوور بدین و تۆکمەتری بکەین لەبەشی یەکەمی ئەم تەوەرەدا ئەم برایانە بەشداریان کردووە.



محێدین حەسەن یووسف

## دەسەڵاتەکان لە دەستووردا



محەمەدی مشیر

## هەندێ راو تێبینی پێویست



تاریق جامباز

## پرۆژەی دەستوورو هەندێ گۆڕانکاری پێویست



دلێر محەمەد شەریف

## ئازادی.. ئافرەت..دیموکراسیی

# پرۆژەی دەستوورو دەسەڵاتەکان

محیێدین حەسەن یووسف

یەکێک لە پێداویستییە هەرە بنەڕەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەک بوونی دەستوورە، چونکە دەستوور سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا ڕێکدەخات و دەبێتە سەرچاوەی دارشتنی هەموو ئەو یاسانەی کە بۆ مەبەستی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا دادەڕێژرێ و دەبێتە مەرجەعێک بۆ کۆمەڵگا تا لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و ئابووریی... هتد پەنای بۆ ببات لەکاتی پێویستدا.

دەستوور دەربڕی ئیرادەی گشتییەو گوزارشت لە ویستی دەسەڵات و کۆمەڵ دەکات و میکانیزمی یەکلاکەرەوەو کردنەوەی گرێ کوێرەکانە.

بوونی بەڵگەنامەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئاماژەیە بۆ پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای کوردستانی و هێمایەکە بۆ ڕێکخستن و بەیاساکردنی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگاکەمان.

دارشتنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان مایەی دەستخۆشییەو بۆ

یەکەمین جارە لەمێژووی نەتەوەی کورد، دوور لە دەستی داگیرکەرانی داو لە پارچەیەکی نیشتمانە لەت لەت کراوەکەی دا و لە باشووری کوردستاندا بتوانێ ئازادانە و بەدەستی خۆی پرۆژەی دەستوورێک دابڕێژێ تا بۆ خۆی بیکاتە هێمای سەرفرازی و ببێتە باڵاترین ڕێسا لە سیستەمی یاسای هەرێمدا.

وەک زانراوە کە خودی دەستوور واتایەکی سیاسی هەیە زیاتر لەوەی یاسایی بێ، هەر لەم روانگەشەوە فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی(ئەرستۆ تالیس) کە باس لە سیاسەت دەکات دەڵێ «ئامانجی سیاسەت بریتییە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ یاخود بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ هاوڵاتیان».

دیارە سیاسەت کردنیش وەک دەگوترێ فەنی مومکیناتە، واتە دەبێ سیاسەتکردن لە چوارچێوەی شتە مومکناتەکان بێ ئەگینا سەرکەوتوو نابێ.

گەلی کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان لە تێکۆشانی درێژخایەنیدا مامەڵەی گونجاوی کردووە لەگەڵ سەرجەم فاکتەرو هاوکێشەکاندا و قۆناغ بە قوتابخانە تێکۆشان بەرەو پێشەوە چووە و زۆرجار سەرکەوتنی مێژوویی بەدەستهێناوە و گەلێک جاریش تووشی نوشستی بووەو هەڵەو کەموکورتی بەخۆیەوە بینیوە، بوونی نوشستی و هەڵەو کەموکوری مەسەلەیەکی نامۆ نییە لە ژیانی تێکۆشانی گەلاندا، بەڵام گرنگ پەند وەگرتن و هەڵسانەوەیە جارێکی تر بەرەو ئاسۆ.

بەخستنەڕووی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی بۆ بەردەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن و شیکردنەوەو سەرنج و تێبنیدان کارێکی پیرۆزە و ئەرکی هاوڵاتیانە بەسەرجەم پێکهاتەکانی کە بەشداری بکەن لەزیاتر دەوڵەمەندکردنی، هەر لەم روانگەیەوە ئەو چەند سەرنجە دەخەینەڕوو بەئومێدی ئەوەی سودێکمان گەیاندبێ:

١- زۆری ژمارەی مادەکانی پرۆژەی دەستوورەکە، کە (١٦٠) مادەیە ئەمەش لەبەرئەوەیە کە خودی پرۆژەکە زۆر چۆتە ناو وردەکارییەکانی کە ئەم چوونە ناو وردەکارییە ئەرکی دەستوور نییە، بەڵکو ڕێکخستنی هەندێ مەسەلە جێ دەهێڵدرێ بۆ یاساکانی تر، دەستوور تەنها هێڵە گشتییەکان دیاری دەکات، ئەگەر پاساو بۆ ئەوەیە کە ئێمە یەکەم جارە دەستوور دەنووسین و بۆ ئەوەیە تا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ و دەسەڵات بزانن چی تیایە ئەوە پاساو نییە، چونکە یەکێ لە خەسڵەتەکانی دەستوور ئەوەیە کە دەستوور دەبێ جێگر بێ و زوو گۆڕانکاری تیا نەکرێ، چونکە هەندێ لە مادەکانی پرۆژەکە دەبوایە ئاماژەی بۆ بکرایە کە یاسا ڕێکدەخرێ و هەندێ مادەی تر کە سەیری دەقی مادەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندنی بکەین بەوردی هەست دەکەین سیستەمەکە بەرەو سیستەمی کۆماری دەڕوات، چونکە دەسەڵاتی راپەڕاندن زاڵە بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان.

بۆیە گونجاوترین سیستەم بۆ دەسەڵات لە کوردستان سیستەمی پەرلەمانییە، چونکە دەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی وڵاتە تازە پێشگەیشتووەکان یاخود هەرێمەکان، ئێمەش لە کوردستان کە تازە هەنگاو دەنێین بەرەو ئاسۆی رزگاربوون و دەمانەوێ سیستەمێک دابنێین بۆ ئێستاو ئایندەی گەلەکەمان، باشتر وایە سیستەمی حوکم لەکوردستان پەرلەمانی بێ، مادەی (٦) بڕگەی دووەم باس لە دەسەڵاتەکانی هەرێم دەکات کە دەڵێ دەسەڵاتەکانی هەرێم بۆیان هەیە مافی هاووڵاتیبوون لە هەرێمدا بەپێی یاسا ڕێک

دەخات».

دەستەواژەی «بۆیان هەیە» شیاو نییە، چونکە لەوانەیە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، واتە دەتوانێ بیکات یان نەیکات، باشتر وایە دەستەواژەی (بۆیان هەیە) لاببرێ.

٥- مادەی (٨) جگە لەبڕگەکانی هەیە، پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ سەبارەت بەبڕیاردانی چارەنووسی خۆی بەتایبەتی کە گونجاو بێ لەگەڵ بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هەردوو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکەی تایبەت بەمافە سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان، ک سەرجەمیان جەختیان کردۆتەوە لەسەر بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ سەرجەم گەلان.

٦- مادەی (١٤) بڕگەی یەکەم باس لە زمانی فەرمی هەرێمی کوردستان دەکات کە زمانی کوردی و عەرەبییە، گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانی خەباتی کردووە بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکان و یەکێک لەو مافانەش بەفەرمی کردنی زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی لەسەرجەم ناوەندو دامودەزگا حکومی و غەیرە حکومییەکان، بەم داڕشتنە هیچ گرنگییەک بۆ زمانی کوردی دانانی، بۆیە باشتر وایە بەڕووی ئەو ماوەیە ئاماژە بکات بەوەی کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە هەرێم و ئەو دەستوورە مافی هاوڵاتیانی هەرێم رۆڵەکانیان بەزمانی دایک لە یەکە کارگێڕییەکان کە ئەوان چری دانیشتوان پێک دەهێنن بەکاردەهێنرێ و بەپێی یاسا رێکدەخرێ.

٧- لە مادەی (٤٠) باس لە پەنابەری سیاسی دەکات و دەڵێ: «پەنابەری سیاسی بە تۆبزی نادرێتەوە بەو وڵاتەی لێوەی هەڵاتووە» پێشنیاردەکەم ئەو مادەیە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ بەم شێوەیە کە بڵێ: «مافی پەنابەری سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەیاسا رێک دەخرێ کە بگونجێ لەگەڵ بڕگەی دووەمی مادەی (٢١)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ.

٨- مادە (٩٣)، دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بڕگەی یەکەم کە تایبەتە بەبڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووس سازەکان، هەرچەندە پەرلەمان نوێنەری گەلەو لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام بۆ مەسەلە چارەنووس سازەکان باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ رای گەل بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان و زۆر لە وڵاتان و گەلانی دنیاش ئەو مەسەلەیە پیادە دەکەن، بۆیە وەرگرتنی رای میللەت لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان مەسەلەیەکی زۆر پێویستەو دەخوازێ لە رێگای راپرسیەکی سەرتاسەری ئەنجام بدرێ.

٩- مادەی (٩٩) بڕگەی دووەم دەڵێ «سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت کە لە ئەرکەکانی هاریکاری دەکات... هتد» نازانرێ ئەو جێگرە چۆن دادەنرێ ئایا بەرێککەوتن دەبێ یان بەهەڵبژاردن یان بەدیاری کردن یاخود بە یاسایەک رێک دەخرێ، باشتر وایە ئەمەش روون بکرێتەوە.

١٠- مادەی (١٥٩)، بڕگەی یەکەم کە باس لە هەمووارکردنی دەستوور دەکات، ئیزافە تەن لەوەی هاتووە، پێشنیار دەکەم کە هەموارکردنەکە دەروازەی دووەمی پرۆژەکە نەگرێتەوە کە تایبەتە بەمافە سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆژنامە و رۆشنبیریەکان.

**قوتابی ماستەر**

**لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی**